# سەید حەکیم پەشوازی لە بالیۆزی تورکی دەکات و پەیوەندی دوو قۆڵی و زەمانەتی مافەکانی ئاو لەگەڵی تاوتوێ دەکات




بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی ڕۆژی 24ی 2025 لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پەشوازی لە بەڕێز ئەنیل بورا ئینان بالیۆزی تورکیا لە عێراق کرد و لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو ولات و چۆنیەتی پەشخستنی کرا کە بەشێوەیەك بێت خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو گەلی دۆست و هاوڕێ بکات.

سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە گرنگە پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و هەماهەنگی ڕێکخراوەکان لەسەر دەسەڵاتەکانی ناوچەکە پتەو بکرێت و داواشی کرد هەماهەنگی هەبێت سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ناوچەکە و گوتیشی دەبێت عێراق بەشی دادپەروەرانەی خۆی لە ئاوی دیجلەو فورات وەرگرێت و ستایشی ئەرکی هاریکاری هاوبەشی لە بواری بەڕێوەبردنی ئاو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی گونجاو کرد.
هەروەها سەید حەکیم جەختی لە گرنگی سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردەوە و داوای لە وڵاتە گەورەکان کرد هەوڵی زیاتر بدەن بە ڕێگرتن لە گرژییەکان و ئاماژەی بەوەشکرد کە هەر ئاڵوزی و کێشەیەك لە هەر پارچەیەکی ناوچەکەدا دەبێتە هەکاری پشێوی و گرژی لەهەموو ناوچەکەدا.
لەکۆتاییدا سەماحەتی ئاماژەی بە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم دواییەی عێراق کرد و گوتی عێراق هەنگاوی باشی بەیوە بە بەدی هێنانی سەقامگیری ئەمنی و کەمەلایەتی وسیاسی و ئەستاش نزیکە لە سەقامگیری هەمیشەیی گوتیشی کرانەوەی عێراق بەڕووی ناوچەکە و جیهان لە ئارادا هەیە بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی و مافەکانی پاریزراو بێت.